www.kurdistannet.org
2-10-2006 11:54:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# برایان! وەرن سەرکەون ... حەسەن پێنجوینی

ئوستورالیا

برایەکی هاوبیرم هەبوو، وەک برای دایک و باوکی وبگرە خۆشترم ئەویست، برایەکی زمان شیرین، رووخۆش، قسەخۆش، دڵ و دەرون پاک، هەمیشە دەم بەیادی خوا پاراو، بۆنی ئیمان لەناخیەوە ئەهاتەدەر، چاوەکانی هەمیشە بەفرمێسک ئەبریقایەوە، بییری بانگەواز ببوە بەشێک لە سروشتی، خەمخۆری موسوڵمانان و بانگەوازەکەی بوو، هەر لەتەک بانگەوازدا ئەژیا باڵەناو ماڵ ومناڵیشیا بوایە، کات و ماڵ و هۆشی بە بانگەوازەوە مەشغوڵ بوو.
بەهۆی ئیجتیهادێکەوە کەکردی رێی بەدنیادا تا سەر بەرەو دەروونی بکێشێ، پێی وابوو دنیا بۆ چەند دەقیقەیک دێتە ژووری و پاشان دەڕوات و چۆڵی ئەکات، بەڵام زۆر بەخێرایی فێنکایی پێ گەیاند، و تەپوتۆزی جیهادی لێ تەکاند، و ئەویش تەسلیمی بوو، پەیتا پەیتا ماڵی بۆ دەنارد، و ئەویش خۆ بە دەستەوەدانی زۆرتر دەبوو، لەهەندێ خەم و پەژارەی بانگەواز قوتاری کرد، ئەویش زیاتر و زۆرتر بایەخی پێئەدا و دەخلیسکایە ناو لیتەکەیەوە..

ماوەیک بوو بییرم ئەکرد!!
لەنوێژی بەیانیدا بۆی ئەگەڕام نەم ئەبینییەوە!!
لەکۆڕی برایانا بۆی ئەگەڕام نەم ئەبینییەوە!!
لەکاتی ویردی رابیتەشدا هەوڵم ئەدا وێنەکەی بێنمەوە پێشچاوم، دوورئەکەوتەوە ولێم هەڵ ئەهات.!!
تا رۆژێکیان بینیم، بەڵام بە رواڵەتێکی جیاواز لە رواڵەتی جارانی.. نووری رواڵەتی وەک جاران نەدەبینرا، جاران کە هەمیشە یادی خوا بەسەر زاریەوە بوو، و دانیشتنەکانمانی پێ بۆنخۆش دەکرد، لەماوەی ئەو سەعاتەی پێکەوە دانیشتین هیچم لێ نەدی، بەو دەنگەی کەمێک ئاوازی گریانی پێوەمابوو شەوانە بەتەلەفون لە سێپەکی دواینی شەوا لەخەو خەبەری ئەکردمەوە، و ئەیوت: براکەم! ئەم چرکانەی شەو گران بەهاو بەنرخن، لەغەفڵەتا بەسەریان مەبە!!
بەهەرحاڵ گریانم بۆ حاڵی ئەهات، و پێم وت: ئەرێ برا ! لەکەیەوە سەیری ئاوێنەت نەکردووە؟ وتی: ئەمڕۆ بەیانی.. وتم: ئاوێنەی ژووری خەوەکەت ناڵێم، مەبەستم ئاوێنەی بانگەوازە، لەکەیەوە خۆت پیشان وێنەکەی جارانت نەداوە، ئەوەی کەمن دواین جاربینیم؟! ماوەیەک بێدەنگ بوو، سەری بۆلەقاند، و ویستی هەستێ ڕوات. قۆڵم گرت و دامنایەوە، پێم وت: ئەوە لەشەرمەزاریا ئەڕۆیت، یاحەز بەقسەکانم ناکەیت؟!
دەستی بەگریان کرد، گریانێک چاوەکانی جارانی بییردێنامەوە کە هەمیشە - بەهۆی زۆر گریانی لەترسی سزای خوایی - بەفرمێسک ئەبریقانەوە، ئینجا پێی وتم: ئایا ئەزانی لەو هەموو برایانەی هەمبوو تۆ یەکەم برایەکمی ئاوەها بە قایمی دڵم راچڵەکێنی؟ بیهێنە بەخەیاڵتا من خەریک بوو ئەخنکام، و براکانم لەناو ئەو شەپۆلە سامناکانەدا منیان ئەبینی، و مەلەوانێکی باشیش بوون، کەچی هەڵمەتێکیان نەهێنا تا لەنوقومبوون و تیاچون رزگارم بکەن!!
پاشان دەنگی گریانی بەرزبووەوە و ئەیوت: ئاخ و هەزاران ئاخ بۆ ئەو برایانەی وەک من بوون!! شەیتانەکانی هەواو هەوەس هەڵی فریواندن، و دنیا مەشغووڵیکردن، و یەکێک لەبرایانیان بەسەر گوێی دڵیانا نەیقیژاند، بگرە ئەو برایانەشیان پێش ئەوەی کە بەبرای خۆشی و شادیان دابنێن، بەبرای تەنگانەیان دائەنان، ئەوانەش فریایان نەکەوتن، و پشتیان تێکردن.. ئینجا خۆی خستە باوەشمەوە و هەناسە ڕکێیەکی گرانی پێکەوت و منیشی کردە گریان، تا هێزی تیابوو باوەشی پیاکردم، وەک ئەوەی دەستم پێوەبگرێ، تا ئەو پێوەندییە دنیاییەی بەتوندی رای ئەکێشاو وەختبوو تیای بەرێ جارێکی تر لە منی دانەپڕێتەوە، منیش زیاتر سۆزم بۆی دەجووڵاو زیاتر باوشم پیا ئەکرد، و دڵخۆشیم ئەدایەوە و هەوڵی ئارام بوونەوەیم ئەدا..
ئینجا هەستاو ویستی بڕوات.. وتم: بۆ کوێ؟ وتی بۆ لای ئەو برایانەی وەک من و تۆ شیرینی ئەم بانگەوازەیان چەشتووە و پاشان وازیان لێهێناوە!! ئەڕۆم بۆ لای فڵان و فڵان کە ماڵی بازرگانی هەڵی خڵەتاندوون، و پاشەڕۆژی مناڵەکانی و بەختەوەری خێزان، و بزمەتە بوونی رەسیدی بانقی مەشغووڵی کردوون، و گەوهەرو مرواری بەهەشت و هاوڕێیەتی پێغەممەر دروودی خوای لێ بێ و هاوەڵەکانیان لەبییر چووەتەوە، تا چۆن بەگوێی منتا چریکاند، منیش بەگوێیانا بچریکێنم، و بەهەر یەکێکیان بڵێم: برایان! وەرن لەتەکمانا سوار کەشتی رزگاری ببن، تا نەخنکێن.. ئیتر رۆیشت و جێی هێشتم..
# # #
ئا لەویا بەسەرهاتەکەی عومەری کوڕی خەتتابم بیرکەوتەوە کە بۆیان باسکردبوو، فڵان هاوڕێ پاش رێ دیتنەوە، رێی لێ ونبووە، و پاش نزیکبوونەوە دوورکەوتۆتەوە، و خەریکە بەتەواوی تیا بچێت.. عومەریش بەم شێوەیە نامەیەکی بۆ نووسی: ( بسم الله الرحمن الرحيم تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنْ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ* غَافِرِ الذَّنْبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ شَدِيدِ الْعِقَابِ )( غافر:1-2)
) بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دابەزاندنی ئەم قورئانە لەلایەن خوای بەدەسەڵاتی زاناوەیە.. ئەوخوایەی

گوناهبەخشە و پەشیمانیی وەرگرە، و تۆڵە سێنەریشە بەسەختی ) کاتێ نامەکەی بەدەست گەیشت و دەستی بەخوێندنەوەی کرد، ئەگریا و ئەیگوت: (غَافِرِ الذَّنْبِ وَقَابِلِ التَوْبِ) گوناهبەخشە و پەشیمانیی وەرگرە، و چەندان جار دووپاتی ئەکردەوە، و پاشان لەلوتفی خواوە حاڵی باش بوو، پاش حاڵ چاکبوونی هەواڵیان بەعومەر گەیاندەوە، ئەویش فەرمووی: ئەگەر براکانتان گۆڕانیان بەسەرا هات ئاوا کارێکیان لەتەکا بکەن.

ئاخۆ چەندان برا ئاوها دنیا گوریبنی، و شەیتان سەری لێ شێواندبن؟! بەڵام لە گەڵ ئەوگۆڕانەی حاڵو دەروونی ماندوویاندا هێشتا بەخۆشەویستی ئەو بانگەوازە و دۆستایەتی برایانەوە دڵیان پڕبێ، و چاوەڕوان بن یەکێ لەکەشتیەوانانی رزگاری بەلایانا تێپەڕێ و پێیان بڵێ: برا! فریاکەوە، خێرا سەرکەوە تا نەخنکاوی!! یانامەیەکی وەک نامەکەی عومەری بۆ بنووسێ تا زرق وبرقی دنیاو فیتی شەیتان لەدڵی براکەی دوور بخاتەوە، و بیگێڕێتەوە ریزی حەق و سەقامگیری..

بێگومان مافی بەسەرتەوە هەیەو رۆژێ هاوبەشی سفرەو خوانی کەتیبە، و هاوەڵی رێی خەباتی باوەڕت بووە.

ئایا فریای ئەکەوی، و پێی ئەگەیت؟! هەر ئێستا هەستەو خۆت بپێچەرەوە، و پرۆ بۆلای، چاوەڕوانتە، و پشتی چۆڵ مەکە